**بەش.** **ماتماتیك.**

**كۆلێژ...** **پەروەردەی بنەڕەتی.**

**زانكۆ .** **سەلاحەدین.**

**بابەت ..** **وانەووتنەوەی بچوك.** (Microteaching)

**پەرتووكی كۆرس – قۆناغی چوارەم**

**ناوی مامۆستا: پ.ی .كامران مولود فتاح**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٤/٢٠٢٣ / كۆرسی دووەم**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | (Microteaching) **وانەووتنەوەی بچوك** |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | کامران مولود فتاح |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | ماتماتیك /پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل:kameran.fattah@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠٦١٤٠٤٤٨ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٣ سعات: سعاتێکی تیۆری وە ٢ سعات پراکتیکی |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>لەو بابەتە ٦ سەعات بۆ ٢ گروپ هەر گروپێك ٣ سعات بەگشتی<br>٢٥ بۆ٣٠ سعات |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | دەرچووی سالّی ١٩٧٨ لە کۆلێژی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد-لە ١٩-٨- ١٩٧٨ لەسەر میالکی وەزارەتی پەروەردە دامەزرام وەك مامۆستای ماتماتیك لە ئامادەیی شەقلاوە،بۆ ماوەی ٢سال دوای ئەوە گواسرتامەوە بۆهەولێر قوتابخانەی هەلمەتی ئامادیی ،قەندیلی ناوەندی-ئەوجابۆ بەغداد لەسەر داواکاری خۆم لە سالّی ٢٠٠٤ بۆپەیمانگای مامۆستایان سەر بە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی /کەرخ/١ وەك مامۆستای ماتماتیکو رێگاکانی وانە ووتنەوەی ماتماتیك،لەسالّی ٢٠١٠-٢٠١١ بروانامەی ماسترم بەدەست هێنا لە هەمان کۆلێژی ڕابوردوو،بابەتی ئامارو ئەگەرەکانم وەك وانە بێژ لە کۆلێژی مأمون الجامعەی ئەهلی وەرگرتووە جگە لە پەیمانگای مامۆستایانی کچان لە منصورلەسالی ٢٠١٢مەقعەدێکم بەدەست کەوت بۆخوێندنی دکتوراە بەلام بەهۆی بارودۆخی ئەمنی بەغداد نەم توانی دەوام بکەمو گەرامەوە بۆکوردستان زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/بەشی ماتماتیك وەتائێستاش بەردەوامم لەو بەشەوتوانیم لەو ٧سالّە نازناوی مامۆستاو پروفیسوری یاریدەدەر بەدەست بێنم وبەسەر کەوتویی کارەکانم ئە نجام بدەم. |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | |

١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس: **پرۆگرامی خوێندنی بابەتی وانەووتنەوەی بچوك بریتیە لە باس كردنی مانای وانەووتنەوە بەگشتی و گرنگترین ڕەوشەكانی و سیفەتەكانی مامۆستای باش ،ئەوجا پێشەكیەك لەسەر وانەووتنەوەی بچوكو كورتە مێژویەك لەسەر ئەو جۆرە وانەووتنەوە وپێناسە كردنی لەلایەن چەند پسپۆرێك لەو بوارە و هەروەها باس كردنی ئەو چاپوكی و كارامەییانەی كە قوتابی/ مامۆستا فێری دەبیٚ و هۆیەكان و پاساوەكانی بەكارهێنانی ئەو شێوازە لە وانەووتنەوە و سودەكانی و هەروەها توخمەكانی وانەووتنەوەی بچوك،ئەوجا هەنگاوەكانی چۆنیەتی ئە نجامدانی ئەو شێوازە لە وانەووتنەوە،دوای ئەوە پێناسە كردنی چەمكی فێركردن وفێربوون و بەراورد كردنیك لە نێوان چەمكی وانەووتنەوەو چەمكی فێركردن لە بوارەكانی ئامانج،ڕۆلی مامۆستا،ڕۆلی قوتابی ،هەروەها شارەزایی و بابەتی خوێندن ،دوای ئەوە بەراوردێك لەنێوان فێركردن و فێربوون لە بوارەكانی كارەكان و قوتابی و چالاكییەكان ورۆلی بابەتی خوێندن،دوای ئەوە باسكردنی بابەتی مەشق و ڕاهێنان و پێناسەكردنی مانای تەكنلۆژیای وانەووتنەوەو تەكنەلۆژیای فێركردن و جیاوازی نێوانیان.............**

**ئەوجا دێینە سەر بابەتی دیزاینی وانەووتنەوەو پێناسەكردنی و بەدەرخستنی لایەنە باشەكانی دیزاین و هەروەها قۆناغەكانی دیزاینی وانەووتنەوە،دوای ئەوە كورتە باسێك لەسەر سیستەمی وانەووتنەوە و توخمەكانی و ئەوجا ڕەوشەكانی سیستەمی وانەووتنەوە.**

**١١ – بەگوێرەی ئاما نجی كۆرس لە بابەتی وانەووتنەوەی بچوك جگە لە لایەنە تیۆرییەكەی باسمان كرد لە خالی ١٠ بریتیە مەشقوڕاهێنان پێكردنی قوتابیانی قۆناغی چوارەم لەسەر چەند چاپوكیەكو كارامییەكانی وانە ووتنەوە وەك كارامەیی :**

١- **سەرنج ڕاكێشانی قوتابیان بەتایبەتی لەسەرەتای دەستپێكردنی وانە.** **پێشەكی**
٢- **ڕونكردنەوەی بیرۆكەكانو نمایش كردنی بە شێوازیكی سەرنج ڕاكێش.**
٣- **پێدانی ڕێنماییەكان .**
٤- **ئاراستە كردنی ئەو پرسیارانەی پەیوەندیان بەبابەتی وانەكەوە هەیەجگەلە هەمواركردنی پرسیارەكان بەشێوەیەك بگونجیٚ لەگەلٚ ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان.**
٥- **زانینی مەودای تێگەیشتنی قوتابیان .**
٦- **بەكارهینانی دەنگێكی لەبار بۆ هەلوێستی فێركاری.**
٧- **لێك تێگەیستن و دەربڕینی بیٚ دەنگ.مەبەست لێرە سەیر كردنە یان ئاماژەكردنە یان جولەیەكە.**
٨- **هاندانی قوتابیان بۆ بەشداریكردنێكی ئەرێنی لە وانە.**
٩- **پارێزگاریكردن لە بەردەوامی سەرنج ڕاكێشانی قوتابیان .**
١٠- **پاداشتكردنی ڕەفتارە باشەكانی قوتابیان ،جا بە قسە بی یان بە هەر شێوازێكی تر.**
١١- **كۆنترۆلكردنی پۆل .**
١٢- **بەكارهێنانی سەبوورەو هۆكارەكانی فێركاری .**

-١٣ دابەشکردنی کاتی وانەو دەرفەت پێدانی قوتابیان بۆ پرسیار کردن .

-١٤ پلانکردنی وانە، مەبەست لێرە ئەو پلانە نییە کە نوسراوە بەلکو ئەوەیە کە جێبەجێ دەکرێ لەناو پۆل.

١٢. ئەرکەکانی قوتابی :- ئەرکی قوتابی ئامادەبوونەو بایەخ دانە بە رونکردنەوەی بابەتەکە لەلایەن مامۆستا جگە لە ئامادە بوون بۆئە نجامدانی کیوزەکان وبەشداریکردن لە گفتو گۆکردن بۆدوولەمەندکردنی بابەتەکە وئامادەکردنی وانەووتنەوەیەکی بچوك بۆ ماوەی ١٠ خولەك لەسەر یەکێك لەو کارامەیی وانەووتنەوانەی کە باسمان کرد لە خالی ١١

١٣. رێگەی وانە ووتنەوە

داتاشۆ و پاوەرپۆینت، ، تەختەی سپی ،هۆکارەکانی وانەووتنەوە

١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن

هەلسەنگاندنی قوتابیان لەسەر چۆنییەتی ئە نجامدانی وانەووتنەوەیەکی بچوك +تاقیکردنەوەی کۆتایی لە بابەتی تیۆری

١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون

لەو بوارە بەهۆی روونو ئاشکرایی بابەتەکەوبەهۆی رووونکردنەوەی بابەتەکە زیاتر لە لایەن مامۆستا قوتابی توانای گواستنەوەی کاریگەری فێربوونی دەبێ بۆهەلوێستی جیاواز لە ئایندە وەکوماموستایەك لە قۆناغەکانی بنەرەتی ودەزانێ کام جۆر لەجۆرەکانی وانەووتنەو ئە نجام دەدات کە لەبار بێت بۆ هەرقۆناغێکی خوێندن و بۆهەر بابەتێك لە بابەتەکانی ئەو قۆناغە ،هەروەها چۆنییەتی کۆنترۆل کردنی پۆل و ئە نجامدانی چالاکیەکان بکات .

١٦. لیستی سەرچاوە


❖ الحموز, محمدعواد , ٢٠٠٤ :تصميم التدريس,ط ١, دار وائل للنشر والتوزيع,عمان, الاردن.

❖ سلامة, د.عبدالحافظ,٢٠٠٢ :أساسيات في تصميم التدريس, دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع, عمان الاردن .

❖ الكبيسي ،عبدالواحد ،٢٠٠٨ : طرق تدريس الرياضيات ،اسايبه-امثله ومناقشات ، مكتبه المجتمع العرب للنشر والتوزيع،عمان ،الاردن .

❖ السيد وأخرون (٢٠٠٧ ) :التدريس المصغر ومهاراته ،دار العربية للنشر والتوزيع ،جامعة حلوان ،كلية التربية .

❖ الحسني ،غازي خميس (١٩٨٦ ) :اصول تدريس الرياضيات ،ط٢ ،مكتبة الرشاد،صنعاء ،اليمن .


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم:**<br>وانەووتنەوە- پێناسەکانی – سیفەتە باشەکانی<br>**هەفتەی دووەم :**<br>وانەووتنەوەی بچوك – پێناسەکانی – کارامەییەکانی.<br>**هەفتەی سێیەم :**<br>هۆیەکانی بەکارهێنانی وانەووتنەوەی بچوك<br>**هەفتەی چوارەم:**<br>سودەکان و توخمەکانی وانەووتنەوەی بچوك | کامران مولود فتاح<br>٣ سەعات لە هەفتەیەك<br>١سەعات تیۆری + ٢ سەعات پراکتیکی |

| | |
|---|---|
| **هەفتەی پێنجەم :**<br>**هەنگاوەکانی ئە نجامدانی وانەووتنەوەی بچوك**<br>**هەفتەی شەشەم :**<br>**فێرکرد ن و فێربوون و پێناسەکانیان.**<br>**هەفتەی حەفتەم :**<br>**بەراوردێك لەنێوان وانەووتنەوە و فێرکردن**<br>**هەفتەی هەشتەم:**<br>**جیاوازی نیوان فێربوون وفێرکردن**<br>**هەفتەی نۆیەم:**<br>**مەشقو ڕاهێنان، سودەکانی**<br>**هەفتەی دەیەم :**<br>**تەکنۆلۆژیای وانەووتنەوەو تەکنۆلۆژیای فێرکردن**<br>**هەفتەی یازدەم.**<br>**دیزاینی وانەووتنەوە - پێناسەکانی**<br>**لایەنە باشەکان دیزاینی وانەووتنەوە،قۆناغەکانی دیزاین کردنی وانەووتنەوە**<br>**هەفتەی دوازدەم:**<br>**یستمی وانەووتنەوە ، پێناسەکانی**<br>**ڕەوشەکانی سیستمی وانەووتنەوە** | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| **٢ سعات بۆ هەر هەفتەیەك** | |

| |
|---|
| ١٩. تاقیکردنەوەکان<br>**١ - تاقیکرنەوەی پراکتیکی ( ئە نجامدانی وانەووتنەوەی بچوك ).**<br>**٢ - ئە نجامدانی کویز لەسەر بابەتی تیۆری.**<br>**٣ - تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس تەنها لەسەر بابەتی تیۆری.** |
| ٢٠. تێبینی تر<br>**نییە** |
| **٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ** |